# لە بارەی کۆچی دوایی ماموستا عەبدولکەریم مودەریس .... مەلا جەعفەر گوانی

J_gwani2005@yahoo. com

هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس هەژانێکی گەورەی لە کوردستان دروست کرد، سەرجەم چین و توێژەکان غەم و پەژارەی خۆیان دەربڕی، هەموو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بە جیاوازی بیروڕا و رادیۆیەکان و کەناڵە ئاسمانیەکان یەکە و بەشێکی بەرنامەکانیان بۆ کۆچی ئەم مرۆڤە مەزنە دەربڕی.

بەڵام من نەك بەو پێدا هەڵگووتنە دڵخۆش نەبووم بگرە تەواو پێی قەڵس بووم، ئاخر ناهەقم مەگرن خۆ ئێمەی کورد مرۆڤە مەزنەکانی خۆمان ناناسین تاکو ماڵئاواییمان لێدەکەن، ( (مامۆستا مەلا کەریمی بیارە پیاوێکی لێهاتوو و شارەزا و خاوەن خزمەت بوو، بە درێژایی تەمەنی زۆرترین خزمەتی کۆمەڵگای کوردەواری ئەدەب و وێژەی کوردی کرد، ئێمە هەمیشە هاتووچۆمان دەکرد، هەموومان خۆمان بە قوتابی ئەو کەڵە پیاوە دەزانین) ) ئەوانە قسەی رۆشنبیران و بەرپرسە حزبی و حکومیەکانی کوردستان بوو کاتێك باسی ئەو مامۆستایەیان دەکرد، بەڵام من دەپرسم ئەرێ لالۆ لۆ هەتا مامۆستا کۆچی نەفەرموو کەس ئاوری لێنەداوە ئەو هەموو مەسئول و پیاو و ئافرەتە گەورانەی کورد دەچوونە بەغدا و بە مانگ و ساڵ لەوێ دەمانەوە، بۆ کەسێك باسی نەدەکرد، بۆ رۆژێك لە رۆژان کەناڵە دەنگ گەورەکانی کوردستان دیمەنێکی حەیاتی مامۆستایان پیشان نەدا، بۆ کەسێك ئاورێکی لێنەدایەوە، بۆ رۆژێك هەواڵێکیان دەربارەی مامۆستا بڵاو نەکردەوە، بە پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکە کە لە کاتی زیندوویێتیا زۆرترین خزمەت بە زیرەکەکانیان دەکەن لە کاتی مردنیشا خواحافیزی لێدەکەن، پێم وایە مردنی مامۆستا شوورەیی بوو بۆ ئێمە نەك شانازی چونکە عەرەب و فارس تا پاکستانی و بەنگلادیشەکانیش وەکو ئێمە بۆ مامۆستا گریان، ئەوەی کراش لەوانەیە بەشێکی هەرە زۆری لەسەر مەسەلەی حزبایەتی بووبێت نەك دڵسۆزی و وەفاداری، چونکە زۆرێك لەوانەی بۆی دەگریان لە کاتی ئازادکردنی عێراق لەسەر بوختانەکانی بەعس جوێنیان بەو مامۆستا دڵسۆزە دەدان، بۆیە بە من باشتر وابوو هەر بە کڕی و بێدەنگی بەسەر ئەو یادە دابڕۆیشتبایین نەك تەنها بە لێو خۆمان ئەوها پێشان بدەین کە دڵسۆزی مامۆستاین.

لە دوماهیدا ئەوەندە دەڵێم: ئەو مرۆڤە مەزنانە لە ناو کورد تەنها ئەو مامۆستایە نییە، لەو بوارانە و لە زۆر بواری دیکەش زۆرمان هەنە بە لە زیندوویێتی ئاوریان لێبدەینەوە. ئەگینا ئەو کاتیش با خۆمان بێدەنگ بکەین، یان تەنها سەردانی ئەوانە نەکرێت کە بۆرە مەسئولێك برادەر و خزم و دۆستیانە.